Research Center

# ئاسایشی وزەی سووریا و کاریگەری لەسەر کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان

21-11-2019

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا لە بەهاری 2011، هەر یەك لە ئەمریکا، رووسیا، تورکیا و ئێران لە نێو خاکی سووریادا کێبڕکێیانە بۆ دەستگەیشتن بە پیشەسازیی نەوت و غازی ئەو وڵاتە. بگرە ریشەی شەڕ لە سووریا دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی بە نەوت و غاز دەوڵەمەندن.

بەهرۆز جەعفەر

لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا لە بەهاری 2011، هەر یەك لە ئەمریكا، رووسیا، توركیا و ئێران لە نێو خاكی سووریادا كێبڕكێیانە بۆ دەستگەیشتن بە پیشەسازیی نەوت و غازی ئەو وڵاتە. بگرە ریشەی شەڕ لە سووریا دەگەڕێتەوە بۆ كۆنترۆڵكردنی ئەو ناوچانەی بە نەوت و غاز دەوڵەمەندن.
سووریا بەدرێژایی مێژوو كێشەی هەبووە، هەروەها دەرفەتیشی هەبووە، ئەویش بەهۆی پێگەكەی كە دەكەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست. سووریا بووەتە تاقە دەرگایەك بۆ عێراق، ئوردن و ئێران بۆ ئەوەی بگەنە دەریای ناوەڕاست.
ئاسایشی وزە چییە؟ بریتییە لە پاراستن و بەرز راگرتنی ئاستی یەدەگی سرووشتی، بە بازاڕكردن و چاودێریی نرخە لە بازاڕی وزە، ئەمەش راستەوخۆ كاریگەری هەیە لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و مرۆیی وڵاتەكە. نەوت رۆڵێكی گەورەی لە داهاتی سووریادا نییە و تەنیا 20%ی سەرچاوەی داهات بووە بۆ حكومەت. بەپێی جۆرناڵی نەوت و غاز، لە كانوونی دووەمی 2015، یەدەكی نەوتی سووریا بە 2.5 ملیار بەرمیل خەمڵێنراوە كە زۆربەی ئەو یەدەكە دەكەوێتە باكووری رۆژهەڵاتی سووریاوە (ناوچەكانی ژێر دەستی هەسەدە). هەروەها یەدەگی غازی سروشتی بە 241 ملیار مەتر سێجا خەمڵاندووە كە دەكەوێتە سەنتەری سووریاوە. زۆربەی ئەو نەوتە خاوەی سووریا هەیەتی نەوتی قورسە (هێزی راكێشانی نزمە) و ترشیشە (واتا بڕێكی زۆر گۆگرد لە پێكهاتەیدا هەیە)، ئەمەش واتە پێویستی بە پاڵاوگەی تایبەت هەیە، هەر بۆیە نرخەكەی لە بازاڕ كەمترە.
سێكتەری نەوتی سووریا لە دوای بەهاری عەرەبییەوە تووشی كێشە بووە. بەرهەمهێنان و هەناردەكردنی نەوتی خاو تا ئاستی نزیكەی سفر پەكیكەوت. وڵاتەكە سەرتاپا تووشی كورتهێنان بووەوە لە مەسەلەی (خستنەڕوو)ی توانا هایدرۆكاربۆنییەكان و بەرهەمە پاڵاوتەییەكانی. سەرباری ئەمەش سەپاندنی سزا بەسەر نەوتی سووریادا لەلایەن ئەمریكا و یەكێتی ئەورووپاوە ئەوەندەی دیكە توانا پیترۆلییەكانی سووریای بێ كاریگەر كرد. ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوخۆی سووریادا گەیشتووەتە 24 هەزار بەرمیل لە رۆژێكدا كە دەكاتە 20-25%ی پێداویستییە نێوخۆییەكانی سووریا. لەكاتێكدا پێش هەڵگیرسانی  شەڕ ئاستی بەرهەمهێنان 370 هەزار بەرمیل نەوت بووە. حكوومەتی سووریا لەو ماوەیەی كە لە شەڕدا بووە، لەلایەن ئێرانەوە سووتەمەنی بۆ دابینكراوە، بەڵام ئەو پاڵپشتییەی ئێران لەدوای سزاكانی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریكا بۆ سەر تاران، كۆتایی هات.

**جیۆپۆڵەتیكی وزە.. بەستنەوەی هێڵی بۆریی كوردستان بە دەریای ناوەڕاستەوە**

جیۆپۆڵەتیكی وزە: واتە كاریگەریی پێگەی جوگرافیای سیاسی بەسەر وزەوە (ئەگەرچی وزە تەنیا نەوت و غازی سروشتی نییە، ئاویش گرنگە). هەرێمی كوردستان و عێراق بەگشتی كەوتوونەتە نێوان سێ حەوزەی گەورەوە. لە باكوور و خۆرهەڵاتییەوە حەوزەی قەزوینە كە رووسیا و ئێران و ئازەربایجان رۆڵی تێدا دەگێڕن، (رووسیا و ئێران یەكەم و دووەمی یەدەگی غازی جیهانیان هەیە).
دەریای قەزوین كە گەورەترین دەریای داخراوە لە جیهاندا، ناوچەیەكە پڕە لە بەریەككەوتنی جۆراوجۆر، حەوزەی دووەمیش كەنداوی عەرەبییە كە نەك بۆ هەرێمی كوردستان، بۆ عێراقیش وەك یەكێك لە وڵاتانی كەنداو بووەتە سەرچاوەی نائارامیی سیاسی و ئەمنی. ئەم حەوزەیە پتر هەیمەنەی ئێرانی بەسەرەوەیەوە. حەوزەی سێیەمیان حەوزەی دەریای سپی ناوەڕاستە.
زۆربەی وڵاتانی باشوور و ناوەڕاستی ئەوروپا دەكەونە سەر دەریای ناوەڕاست. میسر، قوبرس و ئیسرائیل سنووری ئاویی هاوبەشیان هەیە، غاز و نەوت لەكەناری دەریادا دەردێنن و ئەمریكا بە توندی بەرگرییان لێدەكات. لە (13ی نۆڤەمبەری 2019) لەسەر پرسی دەرهێنانی غازی سروشتی لە قوبرسی توركی لەلایەن توركیاوە، یەكێتی ئەوروپا هۆشداری توندی دایە توركیا. هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی دەریای سپی هاوسۆزی كوردن، بەرژەوەندی خۆیان لە دەوڵەمەندكردنی كوتلە نەوتی و غازییەكەیاندا دەبیننەوە و چاویان لەوەیە هێڵی بۆریی كوردستان بە نزیكترین رێگە لە دەریای ناوەڕاستەوە بگاتە ئەوروپا.
بۆ ماوەی چەند سەدەیەك سووریا لە ژێر قەڵەمڕەوی توركە عوسمانییەكاندا بووە، لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە بەپێی بڕیاری مانداتی كۆمەڵەی گەلان كاروباری سووریا درایە فەرەنسا. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی سووریا وەك دەوڵەتێك سەربەخۆیی سیاسی وەرگرت، بەڵام هەر لەژێر چاودێری و دەستوەردانی هێزە نێودەوڵەتییەكاندا مایەوە. كاتێك بەریتانیا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی عێراق و نەوتەكەی چنگ كەوت، ساڵی (1935) هێڵی بۆریی مووسڵ ـ حەیفای بنیاتنا كە بەخاكی سووریادا تێپەڕ دەبێت، ئەم هێڵە هەرچی نەوتی كەركووك و ناوچە كوردییەكانی عێراق و مووسڵ و ئوردنە دەیگواززێتەوە بۆ دەریای ناوەڕاست.
لێرەوە تێدەگەین، كە دیوە ستراتیژییەكەی نەوتی سووریا ئەوە نییە ئەو بڕە لەیەدەگی تێدایە، بەڵكو گرنگیی گەورەی نەوتی سووریا پێگەكەیەتی لە نێوان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سپی ناوەڕاستدا كە لە توانایدایە رۆژانە سووتەمەنی بۆ تەواوی كەشتییە بەریتانی و ئەمریكی و ئیسرائیلیەكان دابین بكات لە دەریای ناوەڕاستدا.  هەموو ئەو ئامێرە سەربازییانەی وڵاتانی زلهێز و ناوچەكە هەیانە بە وزە ئیش دەكەن و سووریاش ناوچەیەكی نزیك و ناوجەرگەی رووداوەكانە، لەتوانایدایە لە شوێنی خۆیاندا وزەی پێویستیان بداتێ. گرنگییەكی دیكەی سووریا و (باكووری سووریا بەدیاریكراوی) ئەوەیە نەوتی كەركووك و هەرێمی كوردستانی لێوە ببرێتە دەریای ناوەڕاست،

بەمەش ناوچەکە سەراپا لە میسر و قوبرس و ئیسرائیل و سووریا و عێراق لەسەر دەریای ناوەڕاست دەبنە یەك کوتلەی وزەی گەورە لە ژێر چاودێریی چڕی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا.

لە عێراق، تا ئێستاش نەوتی کەرکووك بە هێڵی بۆڕی کوردستاندا دەگاتە بەندەری جەیهانی تورکی بۆ دەریای ناوەڕاست. لە ئاستی نێوخۆی کەرکووکدا، دۆخەکە بۆ کورد لەبار نییە. لەناو کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووك لە کۆی 14120 فەرمانبەر تەنیا 1600یان کوردن. لە 12 دەستە هیچیان کورد نین. لە 52 بەش تەنیا 4 بەشیان سەرۆکەکەیان کوردە. لە 800 یەکە تەنیا 52یان کوردن. لە 280 هۆبە تەنیا بەرپرسی 26 دانەیان کوردە.

هەرچی ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتە لە (نۆڤەمبەری 2019) دا لە نێوان 370 بۆ 380 هەزار بەرمیلە، کە زۆربەی لە ناوخۆدا بەکاردەهێنرێ، بڕێکی کەمی بە بۆریی نەوتی کوردستاندا دەگوازرێتەوە بۆ تورکیا. زوو زوو بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراق لە میدیاکاندا دەڵێن بۆڕییەکی نوێی نەوت لە کەرکووکەوە بۆ تورکیا رادەکێشین، لە کاتێکدا دەمێکە کار لەو بۆرییەدا دەکرێ.

**ڕۆڵی رووسیا**

چوارچێوەی کاری رووسیا لە هەرێمی کوردستان پتر ئابوورییە، بەڵام لە سووریا ئابووری و سەربازییە. رووسیا لە شوباتی 2017 وە دێڵێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە بۆ بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی وزەی هەرێمی کوردستان. بەڵام ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە لە جوگرافیای کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکدا.

وجودی رووسیا لە سووریا بە پلەی یەك لە تەرتووسە کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای سووریا. رووبەرەکەی 3 ملیۆن مەتر چوارگۆشەیە، قەبارەی شتومەکی لەخۆگرتوو ساڵانە تێیدا دەگاتە 12 ملیۆن تۆن. تەرتووس ماهیەتێکی گەورەی هەیە لەبەرئەوەی دەکەوێتە سەر کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست کە هەموو جیهانی عەرەبی و ئەوروپا و ناوچەی دەریای رەش دەتوانن پێی بگەن. تاکە شوێنە لەسەر دەریای ناوەڕاست لە سووریا کە هێزی سەربازی و ژێردەریایی و کەشتی فڕۆکەهەڵگر و فڕۆکەی جەنگی و تیمی بازرگانیی رووسیای لێیە.

بەپێی وتەی جێگری سەرۆکوەزیرانی رووسیا، یوری بوریسۆڤ لە (ئەپرێلی 2019) دا مۆسکۆ رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی سووریا کردووە بۆ ماوەی 49 ساڵ لە تەرتووس بمێنێتەوە. جگە لەوەی گرێبەستێکی بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی سووریا لەگەڵ بەشار ئەسەد کردووە.

لە کۆتاییدا، کوردستان بۆ ئەوەی مەترسییەکانی ئەم دیاردە نوێیە لە گەمەی جیۆپۆڵەتیکدا بکات بە دەرفەت، بۆ ئەوەی ئاسایشی وزەی کوردستان بە ستانداردێکی مۆدێرندا وەربچەرخێ، لانیکەم پێویستە تیۆرەیەکی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی نوێی ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان کە پێیدەگوترێ (پەیوەندییە ئابوورییە سیاسییەکان)، واتە بنەمای پەیوەندی لە نێوان حکومەتی دەوڵەتەکان و کۆمپانیا جیهانیەکاندا چۆنە! بۆ نموونە لە ساڵی 2013 وە کۆمپانیای بریتش پێترۆلیۆم لەناو نەوتی کەرکووکە، ئەوە سێ ساڵە باڵاخانەیەکی مۆدێرنی لە نێو کۆمپانیاکە دروستکردووە، تەنیا خەریکی لێکۆڵینەوە و گەڕانن. ئایا کورد دوو سەنتەری لێکۆڵینەوەی لە کەرکووك و دەوروبەری هەیە؟ ئەوەتا دەبینین لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازیی نەوت و دەرهێنان و پاڵاوتن لە هەرێمی کوردستان گرفتە دارایی و سیاسی و مرۆییەکان لە هەڵکشاندان!

• بەهرۆز جەعفەر، سەرۆکی ئینستیتوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی و خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان.